# مستەفای هیجری لە ئاوێنەی وتووێژەکانیدا

ماوەی سێ مانگ  کاک مستەفای هیجری سکرتێری نوێ و " نوێخوازی" حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەفەری دەرەوەی وڵات بو.ناوبراو پاش کۆنگرەی سێزدەی حیزب بۆ بەسەر کردنەوەی تەشکیلاتەکانی حیزب و ئەرخەیان بوون لە سەقامگرتوویی سیستمە نوێەکەی کە تا ئێستا کەس لێی تێنەگەیشتووە ئەم گەشتە یەک وەرزییەی کرد.سەرەتای سەفەرەکەی، کاک مستەفا لە کۆڕوکۆبونەوەکاندا هەر بە گەز و ربەکەی خۆی دەیپێواو ئاخاوتنەکانی بۆنی سەرمەستی سەرکەوتنیان لێدەهات.ناوبراو لەقسەکانی یەک دوو کۆبوونەوەی سەرەتاییدا دەگەڵ ئەندامانی حیزب وای مل پێوەنابوو وەک شایەری چاک ئەوەی دەیکوت نەیدەکوتەوە و هەموو سەربەندەکانیشی بە دێموکراسی و گەرانەوە بۆ دێموکراسی دادەگیرساند و کۆتایی پێدەهێنان.

بەڵام زۆر زوو بۆی دەرکەوت ئەم هەوایەی وی لێرە کەس وەجۆش ناخا  و بگرە جەزم بووەکانیشی لێ ئەغیار دەکاتەوە. ئەندامانی حیزب لە سوئێد و نۆرویژ لە کۆبوونەوەکانی خۆیاندا دەگەڵ کاک" مستەفای دێموکراسی" هەموو جارێ وەبیریان دەهێناوە کە جەنابی راست بە پێچەوانەی دێموکراسی هەڵسوکەوتی کردووەو فێڵی لە خۆی و لە حیزب کردووە ئاخر خۆ دێموکراسی هەر زۆرینە وکەمینە نیە.پێوانەی دێموکراسی رەچاو کردنی مافی کەمینەیە کە دمراستەکانی کاک مستەفای دێموکراسی لە سوئێد تەنیا لەبەر ئەوەی پۆلێک ئەندامی حیزبی لە کۆبونەوەیەکی تەواو حیزبیدا بەشدار ببوون، بە شێوەیەکی زۆر ناشیانە وبەڕاسپاردە سەرکۆنەیان کردبوون!! بێشک کاک مستەفا جیاوازی نێوان زۆر وبۆر وکەم و پوخت نازانێ دەنا  ئاوا بە پێخواسی وەنێو نەدەکەوت . ئەم" مامۆستای دێموکراسییە"بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بڕیارێکی پێشێلکردووە کە ئەگەر بەرپرسانی پێشوو دێموکرات نەبان سزاکەی لانیکەم وەدەرنان لە حیزب دەبوو.کۆبوونەوەکانی کاک مستەفا هیجری دەگەل ئەندامانی حیزب لە نۆرویژ و سوئێد زیاتر وەک محاکەمە کردنی کاک مستەفا هیجری دەچوو تا کۆبوونەوەی سکرتێر دەگەڵ ئەندامانی حیزبەکەی.بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە لە کۆی سەدوبیست کەس کە لە سوئێد ونۆرویژ لە دوای قسەکانی کاک مستەفا قسەیان کردووە، سەدوپێنج کەسیان لە راستیدا کاک مستەفایان مەحاکەمە کردووە.دوای ئەم کۆبوونەوانە و

هەس درانەوەی کاک مستەفا ،جەنابیان تاکتیکی گۆڕی و روی لە نێوەندە نێودەوڵەتیەکان و کۆڕوکۆمەڵی هەواڵنێران کرد و وای لێهات دەتکوت کاک مستەفا قۆزەکوڕی کوردستانە وهەر جارەی بە مۆدێک وێنەی دەگیرا و هەر ماڵپەڕێکی حیزبی لانیکەم حەوت هەشت وێنەی بەرێزیانی تێدابوو .ئەوانەی زۆر گەشبین بوون دەیانکوت بەشکەم کاک مستەفا ئەگەر لە نێوخۆ بەسەر بڕیاراندا قەڵەمبازی داوەو رەقیبەکانی ناوخۆی خیچاندووە،و خۆی لە کورسی دەسەڵات قایم کردووە بەڵکوو بتوانێ دەگەڵ دەرەکییەکانیشدا وابێت و بەسەریاندا زاڵ بێ،بەڵام راست بە پێچەوانە دەرچوو.ئەگەر لە وتوویژە رۆژنامەییەکانیدا دەکرا دوواتر بۆی راستەو پاستە بکرێ وپاشان چاپ و بڵاو بکرێتەوە تا خەڵک لێی تێبگەن، ئەوا ئەمجار کاک مستەفا لە بەرنامەی راستەوخۆی تەلەفزیۆنیدا بەشداری دەکرد و "وەڵامدەر" دەبوو.لە وتووێژێکدا دەگەڵ تەلەفزیۆنی( ئاپادانا) بەرێوەبەری بەرنامەکە ئاغای"بەهارلو" سەرەتا وەهای کاک مستەفا لە قوژبنێ پەستاوتبوو کە دواتر بۆخۆشی یارمەتی دەدا هەر بۆی نەدەهاتەوە دەرێ.ئەو وتووویژەی کاک مستەفا کارێکی وای کردبوو رۆژی دوایی بەشێکی زۆری کادر و پێشمەرگە و لایەنگرانی حیزب باپەڕ ببوون ئاخر لە کاتی وتوویژەکەدا لاوێچ لاوێچ ئارەقەی شەرمیان لە نێوچاوانیان دەسڕییەوە و لەژورەکانیان دەچونە دەر تا فێنک ببنەوە.ئەوە لەباری ناوەرۆکی وتوویژەکانی،کارم بە زمانی وتووێژەکەش نیە کە فارسیە کێویلکە بوو.ئەوەی کە کەسێک باش بە فارسی قسان نەکا ئیراد نیە بەڵام کاک مستەفا لیسانسی ئەدەبیاتی لە زمانی فارسیدا هەیە!! جاران کە بەرپرسێکی حیزبی لە رادەی کاک مستەفا هیجری‌دا قسەی دەکرد خەڵک هەرکارێکیان هەبا وەلایان دەنا و گوێیان لێ رادەگرت و خودی کاک مستەفاش یەکێک لەوانە بووە کە بەوان وتووێژان کەیف ساز بووە و ئاواتی خواستووە کە وتووێژەکە درێژتر بایە، بەڵام وتووێژەکانی کاک مستەفا ئەگەر نەبن زۆر باشترن.دەڵێن پیمەرە قوڕ بەدەست خەڵکییەوە سوکە ئەوە لە کاک مستەفای رووداوە.لە یەکێک لە وتووێژەکانیدا دەگەڵ رۆژنامەی"ئاسۆ" لە وەڵامی پرسیارێکدا کە باس لە نوێکاری و گەنج بوونەوەی حیزب دەکا دەڵێ: نەوەی کۆن ئەگەر هیچی لێنەیەت ئەوا پیر دەبی و توانایی فیزیکی نامێنێ.کاک مستەفا وەها باسی جحێڵ کردنەوەی حیزب دەکا هەر دەڵێی خەڵکی بۆ شەڕە گۆپاڵ دەوێ. کاک مستەفای بەرێز، لە رێکخراوی سیاسیدا کاتێک باس لە نوێ کردنەوە دەکرێ مەبەست بیرو بۆچوونی تازەیە نەک قەڵافەت

و روخساری نویَ.بەم نوێکردنەوەی جەنابت حیزبی دێموکرات نەک هەر نویَ نەبووەتەوە بگرە زۆر ئاکاری دزێو و نارەسەنیش دزەی کردووەتە نێو حیزب کە لە کۆندا هەر باسکردنیشی ئیراد بوو چبگا بەوەی بەکردەوە بکردریَ، ئەوەش لە سایەی سەری بەرێزت کە رێچکەت بۆ شکاند.وتووێژەکانی کاک مستەفا هێندە نزم وسوک بوون کە رەقیبە سیاسییەکانمان بۆ گاڵتە پێکردن لە پێش سایتەکانی حیزبدا لە سایتی خۆیان دا بڵاویان دەکردنەوە.کاک مستەفا لە "ئاسۆ"دا باسی پێوەندی لەمێژینەی حیزب وئەمریکا دەکا بەڵام ئەم سەفەرەی کاک مستەفا بۆ ئوروپا ووتووێژە پڕ" بەرهەمەکانی" وای کرد ئەوسەفەرەی  دوای دوو مانگ چاوەڕیَ بوون تەنانەت فەرمویەکیشی نەکەن و سەرەنجام دەست لە ....درێژتر بگەرێتەوە کوردستان، ئەوە لە کاتێکدایە کە بەرپرسانی حیزب پێش ئەو "نوێکردنەوەیە"دەیانجار داوەتنامەی رەسمی‌یان لە ئەمریکاوە بۆ دەهات و نەدەچوون.ئەگەر رێبازی "نوێخوازی" کاک مستەفا هەروا بەردەوام بیَ و مەیدانی بۆ چۆل بیَ ئەوە نەک هەر حیزب نویَ نابێتەوە بگرە زۆری پێناچیَ وێرانەیەک لە جێی کوشکی شانازی حیزب دەمێنێتەوە .کەواتە هەتا مچە شا بیَ و قاسم وەزیر بیَ وهەمزە بەرید بیَ و ئەحە گزیر بیَ هەزار کەلاوە بە پولێک دەبی.

مامەند / بانەمەڕی 84